# جیاوازی ئاین و کاریگەری لەسەر میرات و وەسیەت لە یاسای باری کەسی عێراقی دا

Doi: 10.23918/ilic9.03

د. خالد جلال محی الدين
بەشی خوێندنی ئیسلامی، کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
بەشی یاسا، زانکۆی نێودەوڵەتی تیشک، هەرێمی کوردستان، عێراق
khalid.muhiadin@su.edu.krd
khalid.jalal@tiu.edu.iq

# Religious differences and their impact on inheritance and wills in the Iraqi Personal Status Law

**Dr. Khalid Jalal Muhiadin**
**Department of Islamic Studies, College of Islamic Science, Salahaddin University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq**
**Law Department, Tishk International University, Kurdistan Region, Iraq.**

**پوختە**

زانستی میرات بریتیە لەو زانستەی کە بەهۆیەوە بەشی میراتگرەکان دەزانین لە ماڵە جێماوەکەوە یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەم زانستە ئەوەیە کە سیستەمێکی دادپەروەرانە و وردە بەلاَم هەندێك بەربەست هەیە بە گواستنەوەی میرات بۆ میراتگرەکان یەکێك لەم بەربەستانە بریتیە لە جیاوازی ئایین کە کاریگەری هەیە لەسەر میرات و وەسیەت، شەریعەتی ئیسلام باسی پایەو هۆکارو مەرج وبەربەستەکانی میراتی کردووە بەدرێژی. یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ لە مادده (٨٦) تا (٩١) باسی میراتی کردووە بەلاَم بە هیچ شێوەیەك باسی لە بەربەستەکانی میرات نەکردووە، لەوانەش جیاوازی ئایین ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ برگەی (٢)ی ماددەی (١)ی یاسای باری کەسی کە ئەمە دەقەکەیەتی "ئەگەر دەقێکی دانراو نەبێ بتوانرێت جێبەجێ بکرێت دادگەری دەکرێ بەپێی شەریعەتی ئیسلامی کە زیاتر گونجاوە لەگەڵ دەقەکانی ئەم یاسایە" ئەمەش واتای گەڕانەوە بۆ سەر شەریعەتی ئیسلامی سەبارەت بە جۆری بەربەستەکانی میرات لای زانایانی شەریعەت و لەوانەش جیاوازی ئایین بە یەکێك لە بەربەستەکانی میرات و وەسیەت دادەنرێت.

وشە سەرەکیەکان: باری کەسی، شەریعەتی ئیسلامی، میرات، وەسیەت، جیاوازی ئاین، موسڵمان.

**Abstract**

The study of inheritance law deals with the knowledge of inheritance and how we can pass it down through family generations. One of the characteristics of this science is that it includes a system of justice, though there are some conditions for distributing inheritance. One of these conditions pertains to the differences in religion, which can impact inheritance and wills. Islamic Sharia law discusses inheritance in detail, specifying the conditions, requirements, and stipulations regarding inheritance. The Iraqi Personal Status Law No. 188 of 1959, from Articles 86 to 91, addresses inheritance, but without delving deeply into its specific stipulations, such as differences in religion. This leads us to Article 2, Clause 1 of the Personal Status Law, which states that 'any provision that contradicts Islamic Sharia cannot be implemented, and the judge must refer to Islamic Sharia law, especially regarding inheritance.' This implies adherence to Islamic Sharia concerning the stipulations on inheritance according to religious scholars, though there may be differences in religion that can influence inheritance and wills.

**Keywords:** Personal status, Islamic Sharia, inheritance, wills, religious differences, Muslims.

## پێشەکی

یاسای باری کەسی یەکێکە لەو یاسایانەی کە پەیوەندی تاکەکان لە کۆمەڵگادا ڕێکدەخات، هەروەها ماف و ئەرکەکانیان لە بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و میرات و وەسیەت نامەکاندا دیاری دەکات.

پرسی جیاوازی ئاین و کاریگەری لەسەر میرات و وەسیەت تایبەتە بە چوارچێوەی یاسای عێراق، کە پەیوەستە بە سیستمی یاسایی تایبەت لەم بوارەدا.

تێڕوانین بۆ پرسی میرات و وەسیەت یەکێکە لە گرینگترین بابەتەکانی پەیوەست بە دابەشکردنی سەروەت و سامان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا، هەروەها جیاوازی و لایەنی تێڕوانین و بیرۆکەکان لەسەر ئەم بابەتە لە نێوان کولتوورەکان و ئایینە جیاوازەکاندا.

لەبەر ڕۆشنایی جیاوازییە ئایینیە جۆرا و جۆرەکان لە کۆمەڵگاکاندا، کاریگەریی ئەو جیاوازییانە لەسەر یاساکانی باری کەسی و بەکارهێنانیان سەبارەت بە میرات و وەسیەت ڕوونە.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دۆزینەوەی کاریگەری جیاوازی ئایینەکانە لەسەر یاساکانی باری کەسی لە عێراق، هەروەها چۆنیەتی ڕێکخستنی پرسی میرات و وەسیەت لەسەر بنەمای ئایین، هەروەك شیکاری یاسا ڕاستەقینەکان دەکات و لەو پرسانە دەکۆڵێتەوە کە کاریگەریان لەسەر مشتومڕ هەیە. لەم چوارچێوەیەدا لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر کاریگەری جیاوازییە ئاینیەکان لەسەر پراکتیکی دابەشکردنی میرات و جێبەجێکردنی وەسیەتەکان.

**گرفتی توێژینەوە :**

- گرفتی توێژینەوە لەمەوە سەرچاوەی گرتوە کە یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ لە ماددەکانی ٨٦ تاوەکو ٩١ باسی میراتی کردووە، بەڵام بە هیچ شێوازێك باسی حوکمەکانی میراتگرتن لە نێوان موسڵمان و نا موسڵمانا نەکردووە ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەمی یاساکە " ئەگەر دەقێکی دانراو نەبێت بتواندرێت جێبەجێ بکرێت, دادگەری دەکرێت بە پێی پرەنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلامی کە زیاتر گونجاوە لەگەڵ دەقەکانی ئەم یاسایە:" ئەمەش واتای گەڕانەوە بۆ سەر شەریعەتی ئیسلامی دەگەیەنێت.

- وە هەروەها گرفتی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لە بۆچونی جیاوازی زانایانی شەریعەتی ئیسلامی سەبارەت بە میراتی نا موسڵمان لە موسڵمان فوقەهای شەریعەتی ئیسلامی کۆ دەنگیان هەیە کە میراتی بەرناکەوێت، بەڵام سەبارەت بە میراتی موسڵمان لە نا موسڵمانێك زۆرینەی زانایان ڕێگەیان نەداوە, بەڵام هەندێ زانایانی وەکو ( شیعەی ئیمامی) ڕێگەیان داوە.

**گرینگی توێژینەوە:**

لەم تویژینەوەیەدا سەرنج دەخەینە سەر جۆری میرات و وەسیەت کە لە یاسای باری کەسی عێراقی باس کراوە مەرجەکانی میرات و وەسیەتی تێدا ڕوون کراوەتەوە کە سەرچاوەی لە قورئانی پیرۆز و شەریعەتی ئیسلامی و فەرموودەکانی پێغەمبەر د.خ لەسەر بێت و زاناکانی شەریعەت وەرگیراوە کە میرات و وەسیەت گرینگی تایبەتی هەیە لە کۆمەڵگادا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەی توێژینەوە :**

١- هەبوونی ئایین و ئاینی جیا لە هەرێمی کوردستان ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ کاریگەری دروست کردن لەسەر بابەتی میرات و وەسیەت.

٢- بۆچونی جیاوازی فوقەهای شەریعەتی ئیسلامی سەبارەت بە جیاوازی ئایین و چوارچێوەکەی.

٣- کەمو کورتی یاسای باری کەسی عێراقی ژمارە ١٨٨ی ساڵی ١٩٥٩ دەربارەی میرات بەشێوازێکی گشتی و نەبوونی دەقێکی یاسایی سەبارەت بە بەربەستەکانی میرات کە جیاوازی ئایین یەکێکیانە لە بەربەستەکان.

**پرسیارەکانی ئەم توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەماندا هەوڵمانداوە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەینەوە :

١- جیاوازی ئایین واتای چی دەگەێنێت ؟

٢- یاسا دانەری عێراقی چۆن باسی بەربەستەکانی میراتی کردووە لە نێوانیشیاندا جیاوازی ئایین ؟

٣- بۆچونی فوقەهای شەریعەتی ئیسلامی چییە لەسەر جیاوازی ئایین لە بابەتی میرات و وەسیەت ؟

٤- ئایە موسڵمان میرات لە نا موسڵمانێك دەبات یاخود بە پێچەوانەوە ؟

٥- ئایا وەسیەت کردن دروستە لە نێوان موسڵمان و نا موسڵمان ؟ ئەگەر دروستە مەرجەکانی چین ؟

**پەیرەوی توێژینەوە :**

سەبارەت بە پەیڕەوی توێژینەوە شێوازی مێتۆدی شیکاری بەراوردکاریە، بەشێوازێك هەوڵمان داوە بۆچونی زانایانی شەریعەتی ئیسلامی بێنین سەبارەت بە بابەتەکەن لە ناو هەموو باس و خواستەکانی ناو ئەم توێژینەوە، هەروەها لە کۆتای هەموو باسێکدا بەشێوازێکی گشتی بۆچونی یاسا دانەری عێراقی و دادگاکانی عێراقمان تیادا باس کردووە تا ئاستێکی باش.

**پلانی توێژینەوە :**

باسی یەکەم : مانای بەربەستەکانی میرات و هۆکارەکانی

سەرەباسی یەکەم : شیکردنەوەی بەربەستەکان لە رووی زمانەوانی و زاراوەی

سەرەباسی دووەم : پێناسەی میرات و بەربەستەکانی

سەرەباسی سێیەم : هۆکارەکانی میرات

سەرەباسی چوارەم : بەربەستەکانی میرات کە زانایان لەسەری رێکەوتون

باسی دووەم : میراتی بێ باوەر لە موسڵمان و بە پێچەوانەوە و میراتی هەڵگەراوە لە دیندا

سەرەباسی یەکەم : چۆنیەتی میراتی بێ باوەڕ لە موسڵمان

سەرەباسی دووەم : میراتی موسڵمان لە بێباوەڕ

سەرەباسی سێیەم : میراتی هەڵگەراوە لە دین

باسی سێیەم : کاریگەری جیاوازی ئایین لەسەر ڕاسپاردن

سەرەباسی یەکەم : پێناسەی وەسیەت

سەرەباسی دووەم : پایەکانی وەسیەت و مەرجەکانی

سەرەباسی سێیەم :هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی سەبارەت بە جیاوازی ئایین لە ڕاسپاردن

## باسی یەکەم : ماتای بەربەستەکانی میرات و هۆکارەکانی

### سەرەباسی یەکەم : شیکردنەوەی بەربەستەکان لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەیی

بەربەست بەچەند پێناسەیەك پێناسەکراوە:

- پێناسەی بەربەستەکان لەڕووی زمانەوانی: بەربەست لەڕوی زمانەوانیەوە وەرگیراوە لە بکەری "منع"، خاوەنی پەرتوکی مختار الصحاح - دەڵێت : المنع دژی بەخشینە " الاعطاء " بکەری " **المنع**" لەبابی قطع یە.[1]
- پێناسەی بەربەستەکان لەڕووی زاراوەی: بریتیە لەو وەصفە زاهیرە و چوارچێوەدارەی هەرکات هەبوو حوکمەکەش نابێت هەرکاتیش نەبوو بوون و نەبوونی حوکم لازم نابێت لە زاتی خۆیدا.[2]
- لەکاتی هەبوونی بەربەست حوکمەکە نایەتە دی و دابەش دەکرێت بۆ سەر دووبەشی سەرەکی
  ١- بەربەست لەبەردەم هۆکار
  ٢- بەربەست لەبەردەم حوکمدا.[3]
- وەهەروەها خاوەنی پەرتوکی- لسان العرب- واتای مانع بەپەرژین لێکداوەتەوە[4]. وە بەلگەشی بەئایەتی ﴿وجعل بين البحرين حاجزا﴾ هێناوەتەوە.[5]

### سەرەباسی دووەم : پێناسەی میرات و بەربەستەکانی

**پێناسەی میرات :**

وشەی میرات ئەم مانایانەی خوارەوەی هەیە:

- پارەی میرات : کە هاو واتای میراتە، واتا ڕەسەن و ئەوەی تر.

وە هەروەها پێناسەی میرات کراوە لە لایەن هەندێ زانایان بەم شێوەیەی خوارەوە:

میرات بریتیە لە گواستنەوەی ماڵی مرۆڤێك بە شێوازی جێنشینی، میراتگر ماڵی مردووی بۆ دەگوازرێتەوە.

هەروەك پێناسە کراوە بە: کۆمەڵە ڕێسایەکی فقهی و حیسابی کە بە هۆیەوە هەریەك لە میراتگرەکان دەزانن پشکیان چەندە لەم میراتە، ئەم زانستە ناوی (علم الفرائض) پێی دەگوترێت وشەی (فرائض) کۆیە, وشە تاکەکەی بریتیە لە (فريضة) واتا ئەوەی پێویستە لەسەر[6].

**پێناسەی بەربەستەکانی میرات :**

لەدوای خوێندنەوەو گەڕان لە سەرچاوەکاندا بۆم دەرکەوت کە شەرعزانەکانی پێشوو پێناسەی بەربەستەکانی میراتیان نەکردووە بەشێوازێکی سەربەخۆ بەڵکو بەشێوازێکی گشتی پێناسەیان کردووە، هەروەها لەلایەن زانایانی (اصول الفقه) پێناسەکراوە، لە پاشان نمونەیان بۆ بەربەستەکانی میرات هێناوەتەوە، بەڵام هەندێ زانایانی سەردەم بەشێوازێکی سەربەخۆ پێناسەی بەربەستەکانیان کردووە.

- وەصفێکە کەسێك هەڵدەستێت بە بێبەشکردنی کەسێکی تر بەهۆی هۆکارێك.
- بەربەستەکانی میرات بریتیە لەوەی کە بەهۆی بوونیەوە حوکمەکە نایەتە جێ یان بەهۆیەوە بەتاڵ دەبێتەوە.[7]

### سەرەباسی سێیەم : هۆکارەکانی میرات

- پێناسەی هۆکار لەڕووی زمانەوانیەوە: بریتیە لە شتێك کە دەتگەیێنێت بە ئامانجێك بۆیە بەپەتیش پێی دەگوترێت هۆکار.[8]
- پێناسەی هۆکار لەڕووی زاراوەیەوە: بریتیە لە بوونی هۆکار حوکم دەبێت ئەگەر هۆکار نەبوو حوکمەکە نابێت.[9] واتە: ئەگەر هۆکار هەبوو حوکم دەبێت، ئەگەر هۆکار نەبوو حوکمیش نابێت

**هۆکارەکانی میرات:**

میراتگرتن دوو هۆکاری سەرەکی هەیە:

١- خزمایەتی

---

(١) مختار الصحاح، محمد بن ابي بكر الرازی، لا ٦٣٦.
(٢) بنەماكانی فيقه و ڕێساكانی، د. محمد شاكر صالح سيتو، چاپخانەی كتێبخانەی يادگار، چاپی دووەم، ٢٠٢٠، لا٣٤.
(٣) الوجيز في اصول الفقة، عبدالكريم زيدان، لا ٦٣.
(٤) لسان العرب، ابن منظور، ب١١, لا ١٨٧.
(٥) سورة النمل، ئايەتی ٦١.
(٦) أحكام المواريث و الوصية في الفقه الاسلامي والقانون، د. احمد زكی عويسی، ، لا٨٧.
(٧) نظام الارث في التشريع السلامی، أحمد فراج حسين , لا٧.
(٨) معجم الوسيط، كۆمەڵێک لە نووسەران ، د. محمد شاكر، ب١ ، لا٤١٢.
(٩) بنەماكانی فقه و ڕيێساكانی، لا٣٤.

**٢- هاوسەرگیری دروست**

**١- هۆکاری یەکەم خزمایەتی: بریتیە لە پەیوەندی خزمایەتی لەنێوان میراتگر و میرات لێگیراو بە لە دایکبوون بێت و بەرهەمی رەچەڵەکێکی شەرعی بێت ئەمەش بە یەکێك لەم رێگایانە دەسەلێندرێت.**

**أ- هەبوونی هاوسەرگیری دروست لەنێوان ئەوکەسەی رەچەڵکی منداڵەکەی: دەدرێتە پاڵ ئەو کەسەی لێی بووە، ئەم رێگایە پێوستی بە رێوشوێنی رووکاری نیە وەکی دانان بە کورەکەداو سەلماندنی رەچەڵەکی بەبەڵگە بەگوێرەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم): "الولد للفراش وللعاهر الحجر " [١] واتە : منالْ هى مێردەکەیەو، ژنە زیناکەریش هیچ پەیوەندیێکی نیە بەرەچەڵەکی منداڵەکەوە.**

**ب- دانان بەرەچەڵەکدا (الاقرار بالنسب) ؛ دان دەنێت بە رەچەڵەکی خۆیدا ئەمەیان دەبێت ئەم مەرجانەی تێدا بێتە دی:**

**١- ئەوکەسەی بریاری بۆ دەدرێت رەچەڵەکی نادیار بێت.**

**٢- هاوشێوەی ئەوی لێ لەدایك بێت**

**٣-ئەوکەسەی بڕیاری بۆ دەدەن گەر هەراش بوو ئەوا بەراست دابنێت (یان بەدرۆی نەخاتەوە).**

**هەروەها مەرجە بۆ بڕیاردان لەسەر کەسانی دیکەوە -وەك بریاردان لەسەر برابوون و مام بوون- ئەو بڕیارە لەلایەن خاوەنی ئەو کەسەوە پەسەند بکرێت کە رەچەڵکەکەی دەدرێتە پاڵی یان بە بەڵگەی روون بسەلێندرێت، ئەگەر هاتو بڕیاردەر مرد ئەوا بڕیار بۆ دراوەکە بەخزمایەتی میرات گری دەبێت:**

**گەر سووربوو لەسەر بڕیاردانەکەی وبڕیاردەر میراتی پێ برِا بەهۆی خزمایەتیەوە ئەوا بڕیار لەوبارەوە دراو لەو میراتە دا لەگەڵی هاوبەش دەبێت بەهۆی خزمایەتیەکە.**

**لەبەر رۆشنایی ئەمەی باسمان کرد هۆکاری میرات وەرگرتنەکە بڕیار بۆ دانەکە نیە بەڵکو خزمایەتیەکەیە کە بەهۆی بڕیار لەبارە دانەکەوە چەسپاوە، بۆیە هیچ بیانوێك نیە بۆ ئەوەی لە میرات وەرگران بە خزمایەتی دانەنرێت و وەك کەسێکی جیاو سەربەخۆ لەوان دابرێت، وەك ئەوەی یاسا دانەری عێراقی کردوویەتی بەهەمان شێوە یاسا دانەری میسری و وڵاتانی دیکە.[٢]**

**ج- سەلماندنی رەچەڵەك بەبەڵگەی پەیوەنددار بە فەرمانی دادوەر ؛ ئەم سەلماندنەش لێکەوتەکەی تەنها لەسەر داوا لەسەرکراو ناوەستێت بەڵکو کەسانی دیکەش دەگرێتەوە.**

**٢- هۆکاری دووەم هاوسەرگیری دروست: بریتیە لە بوونی گرێبەستێکی دروستی شەرعی لە نێوان ژن و مێرد جا تەنها مارەی کردبێت یان گواستبێتیەوە، وە گواستنەوەکانی بەمەرج دانەنراوە ئەگەر هاتوو مێردەکەی مرد ئەوا نەگواسترابێتەوەش میرات دەبات چونکە دەقی ئایەتی قورئانی پیرۆز دەربارەرەی میرات بەشێوازێکی گشتی هاتووە کاتێك خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ولكم نصف ماترك أزواجكم ولهن ربعن مما تركتم﴾[٣] وە هەروەها گێرِداوەتەوە لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)" أنه قضى في بروع بنت واشق أن لها ميراث "[٤]**

**واتا ئایەتەکە و فەرموودەکە بە مەرجیان نەگرتووە بۆ وەرگرتنی میرات ئافرەتەکە گوازرابێتەوە.**

- **مەرجی میراتگری ژن ومێرد گرێبەستێکی دروستی هاوسەرگیریی وەهەروەها ئەم هاوسەرگیریە بەردەوام بێت بەراستەقینە یاخود بەحوکمی غائب یاخود مفقود.**
- **مەبەست لە هاوسەرگیری دروست: ئەم هاوسەرگیریە کە ئەرکان و مەرجەکانی هاتۆتە جێ چونکە ئەگەر هاتوو هاوسەرگیریەك دروست نەبوو مەرجەکان و رووکنەکانی نەبوو ئەوا میرات لە یەکتر ناگرن ئەگەر هاتوو گواسترابێتەوەش.**
- **مەبەست لەبەردەوام بوونی هاوسەرگیری: بەردەوام بوونی پەیوەندی ژن و مێردایەتە جا ئە پەیوەندیە راستەقینە واتا عقدی هاوسەرگیری ماوە لەنێوانیان ژن ومێردەکە هەڵنەوەشاوەتەوە تەڵاق نەدراوە بۆیە ئەگەر هاتوو یەکێکیان مرد ئەوا میرات دەبات.**

**سەرەباسی چوارەم : بەربەستەکانی میرات کە زانایان لەسەری رێکەوتون**

**١-کوشتن: زانایانی شەریعەت جگە لە (زاهریەکان) یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە بە پێی دەق بکوژ میراتی لەو کەسە بەرناکەوێت کە کوشتویەتی لەرووی دەقەوە لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(صلى الله عليه و سلم): " لا يرث القاتل "[٥]**

**واتە: بکوژ میراتی نادرێتێ، بەڵگەی عەقڵیش هۆکەی ئەوەیە تاوانبار ناکرێت رێگەی پێ بدرێت سودمەند بێت لەو تاوانەی ئەنجامی داوە، هەروەها بەهۆی بێبەش کردنی تاوانبارەوە گیانی بێتاوان دەپارێزرێت وروداوەکانی کوشتن کەم دەبێتەوە، سەرەرای ئەمە یاسایەك هەیە دەڵێت: "من استعجل شيئاً قبل أوانه عوقب بحرمانه" واتە: هەرکەس کارێك پێش بخات لە وادەی خۆی بە بێ بەشکرانی لێی سزا دەدرێت.**

---

(١) صحيحى بوخارى، محمد کورِى اسماعيل ى بوخارى ، ب٣ ، لا٥٤، ژمارەی فەرموودە:٢٠٥٣.
(٢) أحكام الميراث والوصية، مصطفى الزلمي ، لا ١٩و٢٠.
(٣) سورة النساء، ئايەتى ١٢.
(٤) سوننەنى ترمذى، كتابى النكاح، ب٤، لا٢٥٠، ژمارەی فەرموودە: ١١٤٥.
(٥) ئەبو هورەيرە گێڕاويەتيەوە، سونەنى تورمذس، ژمارەی فەرموودە: ٢١٠٩.

**بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کوشتنە بە مەبەستی دەرکردنی گیانیەتی، لە ڕووی مەعنەویەوە لەگەڵ هەموو جۆرەکانی کوشتن هاوبشە، زانایان لە دیاریکردنی جۆری ئەو کوشتنەی دەبێتە بەربەست لە بەردەم میرات بۆچونی جیاوازیان هەیە:-**

**أ- حەنەفیەکان [١]دەڵێن: بەربەستەکە بکوژە ڕاستەوخۆکە دەگرێتەوە کە کوشتنەکە تۆڵە کردنەوە یان کەفارەتی تێدا پێویستە، بەڵام بوونی هۆکاری کوشتن یان ئەو کوشتنەی تۆڵە کردنەوە یان کەفارەتی لەسەر نیە ئەوا نابێتە بەربەست لە بەردەم میراتگرتن، لەسەر قسەی حەنەفیەکان ئەو کوشتنانەی خوارەوە دەبێتە بەربەست لە بەردەم میرات وەرگرتن:-**

**١– قتل العمد ٢– شبة العمد ٣– قتل خطاء ٤– القتل الجارى مجرى الخطاء**

**-وە هەروەها بۆچونیان وایە ئەگەر کوشتنەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن بکوژەوە نەبێت نابێتە بەربەست لەبەردەم میرات وەرگرتن بۆ نمونە: بەهۆی کار و کردەوەی ئەوەوە کوشتن ڕوویدا، هەروەها چۆن ئەگەر بیرێك لێبدا لە ناو زەوی خۆی میرات لێگیراو کەوتە بیرەکە بە کوژراوی، یان هانی کەسی تردا بۆ کوشتن، یان ژەهر خستنە ناو خواردن و خواردنەوەی.[٢]**

**ب- ئیبازیەکان و هەندێك لە شافعیەکان[٣] دەڵێن : بەربەستە ڕەهاکە کوشتنەکەیە بەهۆی ڕەهایی دەقەکە " لا یرث القاتل " واتا : بکوژ میراتی نادرێتێ.**

**ج-مالکیەکان[٤] وجەعفەریەکان وتویانە: بەربەستەکە دەستدرێژییە بە ئەنقەستەکەیە (القتل العمد العدوان) جا ڕاستەخۆ بێ یان ئەو هۆکارە بێت، بۆیە هۆکارەکە هەرچیەك بێت وڕێکارەکانی هەرچۆنێك بێت دەبێتە بەربەست لە بەردەم میراتدا مادام جۆری کوشتنەکە (العمد العدوان)ە.**

**-سەبارەت بە کوشتنی بە هەق وەکو تۆڵەکردنەوە (قصاص) یان بەرگریکردن لە نەفس (الدفاع عن النفس) نابێتە بەربەست لە بەردەم میراتدا، هەمان حوکم بۆ ئەوانەش هەیە کە بەرپرسیاریەتی تاوانیان لەسەر نیە (مسئولیة جنائیة) وەکو منداڵ و شێت و معتوە چونکە ئەمانەش ڕوکنی قەصد نیە لە کوشتندا.[٥]**

**بەڵام بکوژی بەهەڵە میراتی لەخوێنەکە پێ نابرێت لەسەر ئەم بنچینەیە میراتی لە قەرەبوو پێ نادرێت کە کۆمپانیای بیمە بە میراتگرانی کوژراوەکە دەدات ئەگەر هاتوو یەکێك لە میراتگرکانی بکوژەکە بوو ڕووداوی کوشتنەکە بەهۆی ئۆتۆمبێلەوە بوو.**

**د- زەیدیەکان دەڵێن: بەربەستەکە کوشتنی دوژمنکارانەی بە ئەنقەست، جگە لەوە هیچی دیکە نابێتە بەربەست و یاسای وڵاتە عەرەبیەکانیش هەمان شت دەڵێن.[٦]**

**٢- جیاوازی ئایین: مەبەست لە جیاوازی ئایین ئەوەیە کە دینی میرات لێگیراو جیاواز بێت لە دینی میراتگر بۆ نمونە: مردووەکە مسوڵمان بێت، خێزانە میراتگرەکەشی ئەهلی کیتاب بێت، یاخود خزمێکی نزیکی بێ باوەڕ بێت یاخود مردووەکە بێ باوەڕ بێت و خزمە نزیکەکەی موسڵمان بێت وەك باوکی یاخود کوڕی یاخود میراتگرانی تر[٧].**

**هاوسەرگیری و خزمایەتی دوو هۆکارن بۆ بە دەست هێنانی میرات، هاوسەرێکی ناموسڵمان خزمێکی نا موسڵمان، میرات نابەن لە کەسی مسوڵمان تاوەکو ئەم جیاوازیە بەردەوام بێ تا میراتەکە دابەش دەکرێت، بەڵام ئەگەر پێشکاری میرات ئەو جیاوازیە نەما -جیاوازی ئاین -ئەوا بەربەستی میراتیش نامێنێت کە میرات لە یەکتری دەگرن ئەگەر هاتوو ژنە بێ باوەرەکە پێش مردنی هاوسەرەکەی باوەڕ هێنا یاخود کوڕە بێ باوەڕکە مسوڵمان بوو پێش مردنی باوکی ئەوا میرات لە یەك دەگرن چونکە هۆکاری میراتگرتن بەر جەستە بووە کە بریتیە لە هاوسەرگیری دروست و خزمایەتی بەهەمان شێوە کاتێك کوڕ مسوڵمان دەبێت باوکی هەر بێ باوەڕە یاخود ئەهلی کتابەو بەردەوامە لەسەر دینەکەی, موسڵمانەکە بمرێت ئەوەی تر میراتی لێ ناگرێت چونکە جیاوازی ئاین هەیە لە نێوانیاندا.**

**جیاوازی ئاینیش کۆمەڵێك وێنەی هەیە: جاری وا هەیە میراتگرەکە مسوڵمانە، میرات لێگیراو مسوڵمان نیە، جاری واش هەیە میراتگر موسڵمان نیە ومیرات لێگیراو موسڵمانە، جاری واش هەیە هیچ کام لە میراتگر و میراتلگیراو موسڵمان نین.[٨]**

**پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) فەرموویەتی : "لا یرث المسلم من الکافر، ولا الکافر المسلم " واتا: موسڵمان میرات لە کافر و بێباوەڕ ناگرێت، وە کافر و بێباوەڕیش میرات لە موسڵمان ناگرێت، جا گشت زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی موسڵمان میرات لە غەیرە موسڵمان ناگرێت[٩]، وەك کەسێکی موسڵمان خێزانەکەی فەلە - نصرانی - یاخود جوو - یهودی - بێت یەکێکیان بمرێت ئەوەی تر میرات لە ئەوی تر ناگرێت، هەروەها ئەگەر منداڵ یاخود باوك**

(١) البحر الرئق شرح كنز الدقائق، ابن نجيم المصري، ج٨، ص ٥٥٧؛ المبسوط، للسرخسي، ج٢٦، ص٦٨.
(٢) موجز احكام الميراث في الفقه الاسلامى والقانون العراقى، د. احمد علي الخطيب، ، ل٦١و٦٢.
(٣) روضة الطالبين، للنووي، ج٦، ص٣١.
(٤) حاشية الدسوقي على الشرح الكبير، للدردير، ج ٤، ص ٤٨٦.
(٥) موجز احكام الميراث في الفقه الاسلامى والقانون العراقى، د. احمد علي الخطيب، ل٦٣.
(٦) میراتی و ڕاسپاردن و مافی گوێزرانەوە، پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، ل٤٣و٤٤.
(٧) اختلاف الدين وأثره في ميراث المسلم من قريبه الكافر-دراسة تأصيلية- د. أحمد الصويعي شليبك، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الشرغية والقانونية، المجلد:٥، العدد:١، سنة:٢٠٠٨م، ص:٦.
(٨) عبدالحسين صباح صيوان, احكام ميراث البنت في الشريعة الإسلامية والقانون, ل٣٦.
(٩) بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، علاء الدين الكاساني،ج٢، ص٢٣٩؛ الأم، للإمام محمد بن إدريس الشافعي، ج٤، ص٤٣؛ المغني، لابن قدامة المقدسي، ج٦، ص٢٤٦.

**یا دایك یا برا یا هەر میراتگرێك لەسەر ئایین و باوەڕی بێجگە لە ئیسلام بوون ئەوە هیچیان میرات لە یەکتر ناگرن هەر وەك ئەوەیە کە نەبووبێت وە یاخود لەگەڵ یەکتر بێگانە بن هیچ هۆیەکی میرات گرتن نەبێت لە نێوانیان، بەڵام هەندێ لە زانای تری بێجگە لە زانایانی هەر چوار مەزهەب فەرموویانە میرات لە کافر دەگرێت، بەڵام کافر میرات لە موسڵمان ناگرێت، بەم فتوایە زۆربەی زانایان ڕازی نەبوون وبەرپەرچیان داوەتەوە.**

**وە ئەگەر میراتگرە کافر و بێباوەڕەکە لە دوای مردنی موسڵمانە میراتلێگیراو موسڵمان بێت ئەوە لە لایان زانایانی مەزهەبی ئیمامی - أبو حنیفە ومالکی وشافعی وفەتوایەکی حەنبەلیەکان -ئەگەر پێش دابەش کردنی میرات موسڵمان بێت ئەوە بەشە میراتی وەرناگرێت[1].**

**ئەو کەسەی - مرتد - دەبێت واتا هەڵدەگەڕێتەوە لە ئایینی ئیسلام واز دەهێنێت بۆ ئایین و بیرو باوەڕێکی تر وەك ببێتە - نصرانی - یاخود هەر ئایین و ڕێبازێکی تر بێجگە لە ئاینی ئیسلامی لا باشتر بێت بۆ ژیان، یاخود پێی وابێت جیاوازی نییە لە نێوان ئایینی ئیسلام و ئایینەکان و ڕێبازەکانی تر، یاخود باوەڕی بە هەندێك لە ڕێباز و بنچینەکانی ئیسلام هەبێت وە باوەڕی بە هەندێکی تر نەبێت، یاخود موسڵمان بوونە ئینجا ئەو بیروباوەڕەیان هەبێت پێیان دەگوترێت هەڵگەڕاوە لە ئیسلام - مرتد عن الإسلام - وە ئەمرۆ ئەم جۆرە کەسانە هەن جا چ لە ڕق و قینە هەڵگەڕاوەتەوە، یاخود بۆ پارەو پول و ئافەرینێك، یاخود ڕووی لە وڵاتانی غەیری ئیسلامی کردووە و ئایین و باوەڕ و ڕۆشەنبیری ئەوانی هەڵگرتووە و خۆی بە نوێخاز و ڕۆشەنبیر و پێشکەوتوو دەزانێت، جا حوکم و بڕیاری ئیسلام بەرانبەر ئەو جۆرە کەسانە ئەگەر نەگەڕێتەوە بۆ ناو بازنەی ئایینی ئیسلام ئەوە دەبێت بکوژرێت نابێت لە گۆڕستانی موسڵمانان بنێژرێت، وە نوێژی مردووش لەسەریان ناکرێت، وە لەلایەن زۆربەی زانایان جیاوازی نییە هەڵگەراوەکە نێر بێت یان مێ بێت.[2]**

- **بۆچونی یاسا دانەری عێراقی سەبارەت بە جیاوازی ئایین لە میراتدا:**

**یاسا دانەری عێراقی بەربەستەکانی میراتی باس نەکردووە, هەرچەندە پایەو مەرجەکانی لە مادده (٨٦) دا خستۆتە ڕوو هەروەها جۆری ئەوکوشتنەی کە دەبێتە بەربەست لە راسپاردن دیاری نەکردووە, لە ماددەی (٢/٦٨)دا هاتووە "أن لا یکون قاتلا للموصی" واتا: نابێت بکوژی راسپاردنکارەکەی بێت.[3]**

**ئەمەش بەکەموو کورتی یاسایی دادەنرێت، زۆر پێویستە لە دەقەکەدا جۆری بەربەست لە راسپاردن ومیراتی دیاری بکرێت تا فەرمانەکانی دادگای عێراقی ڕوون بێت لە بابەتەکانی کوشتنی میرات لێگیراو لەلایەن میرات گرەکەیەوە و کوژرانی راسپاردنکار لەلایەن راسپاردن بۆ کراوەوە.**

**ڕای پەسەندیش کە وەربگرێت بریتیە لە بۆچونی مالیکیەکان و جەعفەریەکان و زەیدیەکان بەوەی کە بەربەستەکە بریتیە لە کوشتنی دوژمنکارانەی بە ئەنقەست[4].**

## باسی دووەم: میراتی بێ باوەڕ لە موسڵمان و بە پێچەوانەوەو میراتی هەڵگەڕاوە لە دین

**یەکێکی تر لە بەربەستەکانی میراتدا جیاوازی ئایینە لە نێوان میراتگر ومیراتلێگیراو، بەجۆرێك یەکێکیان ئایینی جیاواز بێت لە ئەمەی تر، ئەم جیاوازیەش لە ئایین کە دوو سەرەباس باسی لێوە دەکەین :**

### سەرەباسی یەکەم: چۆنیەتی میراتی بێ باوەر لە موسڵمان

**هیچ جیاوازیەك نیە لەلایان فەقیهەکان سەبارەت بە کەسی بێ باوەڕ کە میرات لە مسوڵمان نابات, لە کاتێکدا کە هۆکاری میراتەکە خزمایەتیە یاخود هاوسەرگیری دروست بێ، و بێ باوەڕەکەش لەسەر بێ باوەڕی بەردەوام بوو تا کاتێك میراتەکە دابەش کراوە هەریەك لە میراتگرەکان بەشی شایستەی خۆیان وەرگرت. بۆ نمونە: هاوسەرێکی بێ باوەر میرات نابات لە مێردە موسڵمانەکەی، بەهەمان شێوە کوڕ کە بێ باوەڕ بێت میرات نابات لە باوکی کە مسوڵمانە، کەسێکی نزیکی بێ باوەڕ جا چ برا بێت یاخود مام یان هاوشێوەیان میرات نابەن لە کەسێکی نزیکی خۆیان کە مسوڵمانە[5] بەڵگەی زانایان ئەم فەرمودەیە کە دەفەرموێت " لا یرث المؤمن الکافر، و لا یرث الکافر المؤمن"[6]**

**-هەڵوێستی یاسا دانەری عێراقی لە میراتی کافر لە مسوڵمان :**

**سەبارەت بە یاسا دانەری عێراقی، یاسای باری کەسی عێراقی بەرکار باسی بابەتی میراتی کردووە لە ماددەکانی ٨٦ تاوەکو ٩١ بەڵام بە هیچ جۆرێك باسی میراتگرتنی نەکردووە لە نێوان موسڵمان و نا موسڵمان، ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ حوکمی بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەمی یاسای باری کەسی عێراقی کە دەڵێت: "ئەگەر هیچ دەقێکی تشریعی نەبوو بۆ جێبەجێکردنی ئەو حوکمە دەکرێت بە بناغە و بنچینەی ئیسلامی کە لەگەڵ دەقی ئەم یاسایە دەگونجێت" [7] ئەمەش مانای گەڕانەوە دەگەیێنێت بۆ بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی, وە بۆمان ڕوون بویەوە کە زانایانی موسڵمانان کۆ دەنگن کە غەیرە موسڵمانێك میرات لە موسڵمانێك نابات.**

---

[1] فتح الوهاب شرح منهج الطلاب، زکریا الأنصاري، ج٤، ص٢٥؛
[2] ڕاستی و خەڵات بۆ زانستی میرات، عیماد الدین فائز، لا١٠٠ و١٠١.
[3] یاساي باری کەسی عێراقی هەموارکراو ژمارە ١٨٨ ساڵی ١٩٥٩.
[4] الذخیرة، شهاب الدین القرافي، ج١٣، ص١٧؛ المیراث عند الجعفریة، محمد أبو زهرة، ص٧٣.
[5] مغني المحتاج، محمد الخطیب الشربیني , ب٣ , لا ٢٤.
[6] صحیحي بوخاری, ب٤, ژمارەی فەرمووده (٤٠٣٢).
[7] یاسای باری کەسی عێراقی، بڕگەی (٢) ماددەی یەکەم.

شایەنی باسە یاسادانەری وڵاتانی عەرەبی لەسەر ڕێرەوی شەریعەتی ئیسلام ڕۆیشتون سەبارەت بە جیاوازی ئایین کە دەبێتە بەربەستێك لە بەربەستەکان لەبەردەم میرات وەرگرتندا، وەکو یاسادانەری میسری(١) وکویتی(٢) ویەمەنی(٣) وسوری(٤).

**سەرەباسی دووەم : میراتی موسڵمان لە بێباوەڕ**

زۆرینەی زانایان بۆچونیانن وایە موسڵمان میرات لە کافر نابات: بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم): " لا یرث المسلم الکافر، ولا الکافر المسلم" [٥] واتا موسڵمان میرات لە کافر نابات وە هەروەها کافریش میرات لە موسڵمان نابات، ئەگەر چی هەندێ بۆچونە هاوەڵان هەیە پێچەوانەی ئەمەیە وەکو هاوەڵانی بەڕێز معاژی کوڕی جەبەل کە دەیفەرموو موسڵمان میرات دەبات لە بێباوەڕ بەڵام بە پێچەوانەوە دروست نیە بەڵگەشی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر خودا بوو کە دەیفەرموو" **الإسلام یزید وینقص**" واتا :موسڵمانیەتی کەم وزیاد دەکات، وە هەروەها بە بەڵگەی قیاسی لەسەر ژن هێنان کە موسڵمانی دروست کەسێکی بێباوەڕ مارە بکات بەڵام ئافرەتی موسڵمان بۆی نیە شوو بکات بە بێباوەڕ، زانایانی جەعفەری شیعە مەزهەب هەمان بۆچونیان هەیە کە بێباوەڕ میرات نابات لە موسڵمان، بەڵام موسڵمان میرات دەبات لە بێباوەڕ.

وە لە دادگای تیاهەڵچونەوەی عێراقیش هەمان بڕیاری سەرەوە داوە سەبارەت بە کچێك کە موسڵمانە و میراتی لە دایکە مەسیحیەکەی گرتووە ئەم بڕیارەش لە بەرواری ١٩٨٦/٢/١٥ دراوە[٦].

جێگای تێبینیە ئاماژە بە بۆچونی یاسا دانەری عێراقی بکەین لە مادده (٢٢)ی یاسای شارستانی ژمارە ٤٠ ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو کە دەقی هێناوە لەسەر.

" کەیسەکانی میرات یاسای یاسای میراتگریان لەسەر جێبەجێ دەبێت لە کاتی مردنی لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە :

أ- جیاوازی ڕەگەزنامە ڕێگر نیە لە گواستنەوەی مالی گوازراوە و عەقارات، غەیرە عێراقیەکان لە بیانییەکان میرات ناگرن تەنها لەو حاڵەتەی دەوڵەتی بەرامبەر ڕێگەی دابوو عێراقی میراتی لێ وەگرێت.

ب- کەسێکی بیانی کە هیچ میراتگرێکی نییە، دەبێت موڵك و ماڵی لە عێراقدا بگوازرێتەوە بۆ دەوڵەتی عێراق، تەنانەت ئەگەر یاسای وڵاتەکەی بە پێچەوانەوە ئاماژەی پێ بکرێت"[٧].

وهەروەها لە یەکێکە تر لە بڕیارەکانی دادگای تێهەڵچونی عێراقی دا هاتووە کە هەمان بۆچونی زانایانی شیعە مەزهەبی پەسەند کردووە، ئەمەش لە ژمارە (٦٥) ساڵی ١٩٧٥ هاتووە کە دەقەکەی ئەمەیە: "موسڵمان میرات لە ئەهلی کتاب دەگرێت, بەڵام ئەهلی کتاب میرات لە موسڵمان ناگرێت"[٨].

**سەرەباسی سێیەم: میراتی هەڵگەڕاوە لە دین**

مرتد: بە کەسێك دەوترێت کە بە ویست و ئارەزووی خۆی، و بەبێ زۆرلێکردن لە ئاینی ئیسلام هەڵگەڕابێتەوە، ئیتر گرنگ نیە ئایا چوەتە سەر ئاینێکی تر یان نا.

زانایان یەکدەنگن[٩] لەوەدا کە ئەم کەسە-نێر بێت یان مێ-میرات لە کەس نابات نە لە مسوڵمان، نە لە کافر ئەگەرچی لە دوای مردنی میرات دەرەکە پەشیمانیش ببێتەوە، بگەڕێتەوە سەر ئاینی ئیسلام -بەڵام حەنبەلیەکان وتوویانە تەنها لەم حاڵەتەدا نەبێت-.

بەڵام لەوەدا کە ئایە کەس میرات لە هەڵگەڕاوە دەبات، یان نا ؟ زانایان بۆچونی جیاوازیان هەیە :

جمهوری زانایان (شافعی و مالیکی و حنبلی)یەکان پێیان وایە کە وەك چۆن میرات لەکەس نابات، هەروا کەسیش میراتی لێ نابات، جا لێرەدا دەکرێت کە باسی (زندیق) واتە: بێ دین، بکەین کە لە هیچ ئاینێکدا جێگەی نابێتەوە، وا خۆی دەخاتە ڕوو کە مسوڵمانە، بەڵام لە دڵدا بێ بڕوایە، جیاوازیشی لەگەڵ (منافق) دا ئەوەیە کە -زندیق- بە ئاشکرا هەوڵی روخاندنی ئیسلام، ئاژاوە نانەوە، وە گومان دروست کردن دەدات لە ناو مسوڵماناندا، ئەمیش"وەك هەڵگەڕاوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت"نە میرات دەبات، و نە میراتی لێ دەبرێت[١٠].

- ئەو پرسیارەش جێگەی وروژاندنە لەم بابەتەدا ئەوەیە: ئایە حوکمی ئەو هەڵگەڕاوە چیە ئەگەر تۆبەی کردوو گەڕایەوە سەر ئیسلامەتی پێش دابەش کردنی میراتلێگیراوەکە ؟

لەم بارەیەوە زانایان دوو بۆ چونیان هەیە :

---

(١) لە ماددەی (٥٨٧) یاسای باری کەسی میسری ژمارە (٧٧)ی ساڵی ١٩٤٣.
(٢) لە ماددەی ( ٢٩٠ ) برگەی یەکەمی یاسای باری کەسی کوێتی.
(٣) لە ماددەی (٣٠٥) یاسای باری کەسی یەمەنی ژمارە (٢٠) ساڵی ١٩٩٢.
(٤) لە ماددەی (٢٤٦) برگەی () لە یاسای باری کەسی سوری.
(٥) سحیحی بوخاری، ب ٤, ژمارەی فەرمووده (٤٠٣٢).
(٦) میراث المسلم من غیر المسلم، د. نشوان زکی سلیمان، گۆڤاری رافیدەین، بەرگی (٢٠)، ژمارە ٦٩.
(٧) یاسای شارستانی ژمارە ٤٠ ساڵی ١٩٥١ی، ماددة ٢٢.
(٨) عبدالحسین صباح، أحکام میراث البنت، لا ٣٧.
(٩) المغني لابن قدامة المقدسي، ج٦، ص٢٤٨.
(١٠) زانستی میرات، امجد محمد زاهد، لا ٦٧,٦٨.

**١- بۆچونی زانایانی حەنبەلی و جعفەریەکان: بۆ چونیان وایە کە کافر کاتێك موسڵمان دەبێت یا مورتەد کاتێك دەگەڕێتەوە سەر ئیسلامەتی پێش دابەش کردنی میراتی میراتلێگیراو، هاوبەشی میراتگرەکانن لەم میراتە دا و بەشی خۆیان هەیە لەم میراتە دا.**

**٢- بۆچونی زۆرینەی زانایان: بۆچونیان وایە هەر کەسێك موسڵمان بێت دوای مردنی میراتلێگیراوەکەی یاخود مرتد گەڕایەوە سەر ئیسلام ئەگەر چی پێش دابەش کردنی میراتیش بێت هیچ شتێکیان بەر ناکەوێت لە میراتلێگیراو[١].**

**وەسیەت لە جیاوازی ئاییندا, دروستە کەسێکی مسوڵمان وەسیەت بۆ کەسێك بکات کە لەسەر ئایینی ئیسلام نییە، بەڵام تەنها لەو ماڵ و سامانانە دروستە کە دەگوازرێتەوە وەك هەر کەلوپەلێك، بەڵام ئەو ماڵ و سامانانەی ناگوازرێتەوە وەك زەوی یان باخچە یا خانووبەرە دروست نیە وەسیەت بۆ غەیری مسوڵمان بکرێت[٢].**

## باسی سێیەم : کاریگەری جیاوازی ئایین لەسەر وەسیەت

### سەرەباسی یەکەم : پێناسەی وەسیەت

**- وەسیەت لەرووی زمانەوانیەوە ابن فارس دەڵێت: واو، صاد، حەرفە معتەلەکە(یا) ئەسڵی وشەکەیە بەواتای گەیاندنی شتێ بەشتێکی تر دێت[٣]**

**- ابن عرفە وا پێناسەی کردووە کە بریتیە لە: گرێبەستێکە مافی سێ یەکی ماڵی ئەنجامدەرەکەی پێویست دەکات کە دەبێت پاش مردنی پابەند بن پێیەوە، یان لەبری ئەو پاش مردنی جێبەجێی دەکەن[٤].**

**- یاسا دانەری عێراقیش وای پێناسە کردووە کە بریتیە لە: هەڵسوکەوتیکی لەجێماوەدا کە دواخراوە بۆ پاش مردنی[٥].**

### سەرەباسی دووەم : پایەکانی وەسیەت و مەرجەکانی

**<u>١- صیغە :</u> شێوەی راسپاردن بریتیە لەو دەربڕینانەی کە ڕاسپاردنکار راسپاردنەکەی پێ دەردەبڕێت یان دەینوسێت، یان ئاماژەی پێ دەکات، مەرجە بۆ ئەو شێوەی کە راسپاردنکار ویستی خۆی پێ دەردەبڕێت بە لێدوان یان بە نووسین ئەگەر توانای قسەکردن یان نووسینی هەبێت، ئەگەر نەیتوانی ئەوا راسپاردنەکەی بە ئاماژە کەلێی تێبگەن لێ وەردەگیرێت، ئەو کەسەی توانای قسەکردن و نووسینی هەیە ئەگەر ویستی دەتوانێت راسپاردنەکەی بە وتن بێت یان ئەگەر ویستی راسپاردنەکەی دەتوانێت بە نووسین بێت، بەلام لای زۆرینەی زانایان ڕاسپاردن بە ئاماژە وەرناگیرێت با لێشی تێبگەن.**

**<u>٢- ڕاسپاردنکار:</u> ڕاسپاردنکار ئەو کەسەیە کە هەستاوە بەهەڵسوکەوت لە لێجێماوەکەیدا بەجۆرێك کە جێبەجێکردنەکەی پاش مردنیەتی، ناوەڕۆکەکەشی خاوەندارێتییە بەبێ بەرانبەر، ڕاسپارنکار کەسی ئاساییە، بەپێچەوانەی راسپاردن بۆ کراوە کە دەشکرێت کەسی ئاسایی بێت وە دەکرێت کەسی مەعنەوی بێت، بۆ ئەوەی ڕاسپاردن ڕاست و دروست بێت پێویستە ئەم چوار مەرجەی تێدا بێت.**

**أ- شیاو -أهل- بێت بۆ بەخشینی سامان و ئەوەی پەیوەندی هەیە پێوەی :**

**ئەم مەرجە لە فقهی حەنەفی و زاهری و یاسای باری کەسیدا باسکراوە، بەلام زۆرینەی زانایانی شەریعەت بۆ ئەوە چوون کە راسپاردنی منداڵی هەراش (صبی ممیز) کە بیەوێت بە هۆیەوە لە خوای گەورە نزیك بێتەوە دروستە, چونکە کارێکی چاکەیە و پاداشتی لەسەر وەدەگرێت، ئەگەر ئەوە نەکات ئەوا سامانەکەی دەچێت بۆ میراتگرەکانی بەبێ ئەوی پاداشتی پێ بگات، هەروەها لەبەر ئەوەی هەڵس و کەوتێکی سودمەندانەی تەواوە بۆ منداڵە هەراشەکە، هەروەك نوێژی سوننەت و ڕۆژووی سونەت وایە، جگە لەوە خاوەندارێتیەکەی ناڕوات تا دوای مردنی، بۆیە لە ڕووی مادیەوە تا لە ژیاندایە هیچی لە دەست ناچێت[٦].**

**ب- راسپاردنکار سەرپشك (مختار) بێت:**

**ڕەزامەندی راسپاردنکار مەرجێکی بنەڕەتی دروستی راسپاردنە، چونکە پێدان (إیجاب)ی موڵك یان ئەوەی پەیوەنداره پێوەی پێویستە ڕەزامەندی تێدا بێت هەروەك پێدانی موڵکە لە تەواوی گرێبەستەکانی دیکەدا بە گوێرەی ئەمە راسپارنی (زۆرەملێ و گاڵتەکردن و بە هەڵە) دروست نیە، چونکە زۆرەملێ و گاڵتەکردن و هەڵە لەو کۆسپانەن کە ڕەزامەندی لەگەڵیاندا نایەتە دی، ئەم مەرجە لە یاسای باری کەسیدا نەهاتووە بە جێهێشتووە بۆ بنەما گشتیەکان وئەوەی لە فقهی ئیسلامیدا چەسپاوە لە دانانی ڕەزامەندی لە هەموو هەڵسوکەوتێکدا کە مەبەست لێی دروستکردنی جێکەوتەی شەرعیی بێت.**

(١) میرات المسلم من غیر المسلم، د. نشوان زکی سلیمان، گۆڤاری ڕافیدەین، بەرگی ٢٠، ژمارە (٦٩)ی ساڵی ٢٢,لا٣٧٦ .
(٢) یاسای باری کەسی عێراقی هەموارکراوی سالی ١٩٥٩ ژمارە (١٨٨)، مادده ٧١.
(٣) مقاییس اللغة، لابن فارس، ص ١٠٥٥.
(٤) شرح حدود ابن عرفة، لأبي عبدالله محمد الأنصاري الرصاع، ص ٥٢٨.
(٥) یاسای باری کەسی عێراقی، ماددة ٦٤.
(٦) الوجیز في الأحوال الشخصیة، للدکتور أحمد الکبیسي، ج٢، ص٢٦.

**ج- دەبێت ڕاسپاردنکار خاوەنی ئەوە بێت کە دەیکاتە ڕاسپاردن:**

ئەم مەرجە فقهی ئیسلامی و یاسا لە سەری هاودەنگن، چونکە ڕاسپاردن تەنها لە موڵکی (صرف) دا دروستە، هەرکەسێك خاوەنی ئەو سامانە نەبوو کە کردیە ڕاسپاردن، بۆی نیە خاوەندارێتیەکەشی بداتە کەسێکی دیکە، چونکە ئەو کەسەی خاوەنی شتێك نەبێت ناتوانێت بیبەخشێت و ڕاسپاردنەکەی بەتاڵ دەبێت. [1]

**د.- نابێت ڕاسپاردنکار هێندە قەرزی لەسەر بێت میراتەکە نغرۆ بکات:**

زانایانی حەنەفی زیاتر گرینگیان بەم جۆرە داوە، بە جۆرێك لە قسەکانیاندا ئەوە تێبینی دەکرێت کە ڕاسپاردن بە تاڵ دەبێت ئەگەر ئەم مەرجەی تێدا نەبێت، بەو پێیەی کە مەرجی دروستی یە، بەلاّم ئەو کەسەی سەرچاوە بنەڕەتیەکانی فقهی حەنەفی بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە مەرجی جێبەجێی کردنەو هیچ ناکۆکی قوڵ نییە لە نێوان ئەوان و زانایانی دیکەدا سەبارەت بە سروشتی ئەم مەرجە، بەوەی مەرجی جێبەجێکردنە نەك مەرجی دروستی چونکە ئەوان دەڵێن ئەو ڕاسپاردنە دروستە کە خاوەن قەرزەکان لە قەرزەکانی سەر ڕاسپاردنکار خۆش ببن[2].

**٣- ڕاسپاردن بۆکراو:** پێکهێنەری سێیەمی ڕاسپاردن بۆکراو کە ئەو هەڵسوکەوتی پێوە دەکات، واتا ڕاسپاردن لەبەر ئەو کراوە و ڕاسپاردنکار مەبەستی بووە سوودی پێ بگەیەنێت و پەیوەندی لەگەڵ بێت و بیکاتە جێگرەوەی لەوەدا کە کردویەتیە ڕاسپاردن بۆی.

ئەو کەسە دەکرێت بونێکی ڕاستەقینە یان بوونی حوکمی هەبێت لە کاتی ئەنجامدانی ڕاسپاردنەکەدا، لەوانەشە لەکاتی ئەنجامدانی ڕاسپاردنەکەدا نەبێت، لەوانەیە تاکێك بێت یان لایەنێکی دیاریکراو یان دیاری نەکراو بۆ هەر حاڵەتە و مەرج و حوکمی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەبێت مەرجەکانی ڕاسپاردن بۆکراو بناسێنین کە شەش مەرجە :

أ- دەبێت لە کاتی ڕاسپاردنەکە بوونی هەبێت ئەگەر دیاری کراو بوو :

بۆ دروستی ڕاسپاردن مەرجە ڕاسپاردن بۆکراو لە کاتی ڕاسپاردەنکردنەکەدا بوونی هەبێت، ئەگەر هاتوو ڕاسپاردنکار بە ناو یان بە وەسف یان بە ئاماژە دیاری کردبوو، ئیدی بوونەکەی لە داهاتوودا ڕاستەقینە بێت یان بوونێکی مەزندە بۆکراو بێت وەك کۆرپەلە کە لەسکی دایکیدایە، لای هەندێك لە زانایان وەك مالیکیەکان ڕێگە پێدراوە ڕاسپاردنی بۆ بکرێت بۆ نەبوویەك لە کاتی دانانی ڕاسپاردنەکەدا، ئەگەر هاتوو توانای بوونی هەبوو لە داهاتوودا.

ب- پێویستە ڕاسپاردن بۆکراو بە ڕاستی شایان بێت بۆ خاوەندارێتی وەك مرۆڤ، یان بە مەزندە شایان بێت وەك کەسی مەعنەوی :

مەرج نیە بۆ ڕاسپاردن بۆکراوی مەعنەوی (حوکمی) شایستە بوونی خاوەندارێتی ڕاستەقینە هەبێت، چونکە ئەوەی کراوەتە ڕاسپاردن بۆ بەرژەوەندیەکانی خەرج دەکرێت.

ج- نابێت ڕاسپاردن بۆکراو بکوژی ڕاسپاردنکارەکە بێت :

یاسا دانەری عێراقی لە مادده ٢/٦٧ی یاسای باری کەسیدا باسی کردووە کە ئەمە دەقەکەیەتی "مەرجە لە ڕاسپاردن بۆکراو بکوژی ڕاسپاردنکار نەبێت" [3]

د- نابێت میراتگر بێت :

زانایان چەند بۆچونێکی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە ڕاسپاردنکردن بۆ میراتگر بە ڕەهایی بەلاّم بۆچوونی پەسەند بریتیە لە ڕێگە پێدانی ڕاسپاردن بۆ هەندێ لە میراتگران لە سنووری سێ یەکدا بە ڕەهای ئیدی میراتگرەکانی دیکە ڕێگەی پێبدەن یان نا، ئەگەر هاتوو پێویستیەك یان بەرژەوەندییەك لە ئارادا بوو کە ئەو ڕاسپاردنکردنەی دەخواست کە بۆ هەندێك لە میراتگرەکان بکرێت.

هـ- نابێت ڕاسپاردن بۆکراو بۆ کاری گوناهکاری بێت :

دروست نیە ڕاسپاردن بۆ ئەنجامدانی کۆبونەوەی پرسە و تازیە و نانداني ئەوانەی لە ماڵی مردووەکە کۆبوونەتەوە و هات و هاوار و قیژە یانە، چونکە بە تەواوی حەرامە.

و- ڕاسپاردن بۆکراو ڕازی بێت بە ڕاسپاردنەکە[4].

**٤- بابەتی ڕاسپاردنەکە :** خاوەنداریەتی بوونی گواستراوە ونەگوازراوە، ئەومافانەی کە بە پارە دەخەملێندرێن دەگرێتەوە, وەك مافی هاوشانێتی و, ئەو مافانەی پەیوەندداره بە سامانەوە, وەك دواخستنی قەرز کە کاتی دانەوەی هاتبێت و,بوونە خاوەنی سوودی نیشتەجێبون لە خانوو و کشتوکاڵ و چینینەوەی بەروبوم بەرهەم، هەروەها وەك لێخوش بوون لەو قەرزەی کە لەسەریەتی و لە کەفیل لەوەی کردویەتیە کەفیلی.

بۆ دروستی ڕاسپاردنیش دەبێت بابەتی ڕاسپاردنەکە ئەم چوار مەرجەی تێدابێت:

١- لەو شتانە بێت کە بە میراتی دەگوێزرێنەوە :

---

(١) میرات و ڕاسپاردن و مافی گوێزرانەوە، پرۆفیسۆر مستەفا زەڵمی، لا٢٩٢.

(٢) الوجيزفي الأحوال الشخصية، للدكتور أجمد الكبيسي، ج٢، ص٢٧

(٣) یاسای باری کەسی عێراقی، ساڵی ١٩٥٩، مادده ٦٧ .

(٤) الوجيز في الوصايا والمواريث، الدكتور جواد أحمد البهادلي، ٤٧-٥١.

مەرجە ئەوەی دەکرێتە راسپاردن بتوانرێت لە میراتی لێگیراوەوە بگوازرێتەوە بۆ میراتگر, وەك سامانی ماڵینە (الأموال العينية) ومافە هاوبەشەکان (حقوق الارتفاق) وئەو قەرزانەی لە ئەستۆی کەسانی تردایە ئەگەر وانەبوو مەرجە کە بشێت بەوەی بکرێتە بابەتی گرێبەست لە کاتێکدا کە راسپاردنکار لە ژیاندایە, وەك ئەوەی ئەو سوودەی دەکرێت بە شێوەی کرێ یان خواستن بکرێتە موڵك[1].

٢- دەبێت بەهادار (متقوم) بێت :

ئەوەی کراوەتە راسپاردن وەك پێشتر باسمان کرد لەوانەیە سامان بێت و دەکرێت مافێك بێت لەو مافانەی وەك سامان وایە, ئەگەر سامان بوو ئەوا دروستی راسپاردنەکە مەرجە کە بەهادار بێت لە شەریعەتی راسپاردنکاردا، بەهادار -متقوم- ئەو سامانەیە کە بەتەواوی لەبەر دەستدایە وبەپێی شەرع لە هەردوو حاڵەتی توانا وسەرپشك بووندا سوود لێوەرگرتنی دروستە، بە بەهادار ناودەبرێت چونکە بەهایەکی هەیە کاتێ دەستدرێژی دەکرێتە سەر و لەناو دەبرێت.

٣- دەبێت راسپاردنکار ئەو کاتەی دەکرێتە راسپاردن خاوەنی بێت, ئەگەر شتەکە دیاریکراو بوو:

ئەوەی کراوەتە راسپاردن یان ئەوتا خۆی سامانە -ماڵە-, یان بەشێکی دیارە لە شتێکی دیاریکراو، یان ئەوەتا جۆرەکەی دیاریکراوە یان بەشێکی دیاریکراو تێیدا، یان بە تەنهایە یان ژمارەیەکی دیاریکراوە لەو شتەی جۆرەکەی دیارە, یان سوودمەند بوونە یان ئەوەی لە حوکمیدایە وە بەش (غلە) و بەروبوومەکەی، یان پشکێك لە هەموو سامانەکە، ئەگەر خۆی دیاری نەکرابوو یان بەشێکی دیار نەبوو لە شتێکی دیاریکراو بە خۆی، ئەوا مەرج نیە کاتی راسپاردنکردنەکە لە دەستی راسپاردنکار بێت، بەڵکو مەرجە کاتی مردنی لە خاوەنداریێتیدا بێت.

٤- دەبێت راسپاردنکراو لە سنووری سێ یەکی لێجێماوەدا بێت:

زۆرینەی زانایان وتوویانە بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردنەکە ئەوەی کراوەتە ڕاسپاردن مەرجە لە سنووری سێ یەکدا بێت، ئەگەر لە سێ یەك زیاتر بوو درووستە بەلاَم لەسەر ڕەزامەندی میراتگرەکان وەستاوە.[2]

**سەرەباسی سێیەم : هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی سەبارەت بە جیاوازی ئایین لە راسپاردن**

هەڵوێستی یاسادانەری عیراقی هەروەك لە ماددەی (٧١) یاسای باری کەسی ئاماژەی پیداوە بریتیە لەوەی کەوا دەکرێت وەسیەت تەنها بە ماڵی گوێزراوە بکرێت لە جیاوازی ئایندا، هەروەها لەگەڵ جیاوازی نەتەوەدا کاریگەرە، بە مەرجێك لە ڕووی ماددییەوە هاوتا بێت وە ئەمە دەقی ماددەکەیە"وەسیەت بۆ موڵکێکی گوێزراوە تەنها بە جیاوازی لە ئاییندا دەبێت هەروەها بە جیاوازی جنسیەش دەبێت بە مەرجێك مامەڵەی هاوشێوە هەبێت" [3]

کەواتە بۆ دروست بوونی وەسیەت ئەم مەرجانەی خوارەوە پێویستە:

١- وەسیەت دروست نیە ئەگەر لە یەك لەسەر سێ زیاتر بیت مەگەر بە ئیجازەی میراتگرەکان نەبێت، دەوڵەتیش دەبێتە میراتگری کەسێك کە هیچ میراتگری نەبێت.

٢- بە مەرج نەگیراوە دادگاکان بڕی ئەو ماڵە دیاری بکەن کە دەکرێتە وەسیەت، مەگەر وەسیەتکار بیەوێ ئەندازەی وەسیەتەکەی دیاری بکات.

٣- دروست نییە وەسیەت کردن بە زەوی میری چونکە مەرجە وەسیەتکار خاوەنی ئەو موڵکە بێت کە وەسیەتی بۆ دەکات.

٤- دروست نییە وەسیەت بە عەقار بۆ کەسی بێگانە بەلاَم دروستە بە مەنقول بەلاَم بە مەرجی مامەڵەی هاوشێوە.[4]

**کۆتایی**

**یەکەم : دەرئەنجام**

١- یاسا دانەری عێراقی باسی بەربەستەکانی میراتی نەکردووە سەبارەت بە جیاوازی ئایین ئەمەش بە کەم و کورتی دادەنرێت.

٢- پۆچونی زۆرینەی زانایان سەبارەت بە جیاوازی ئایین لە میرات و وەسیەت ئەوەیە کە میرات لە یەکتر ناگرن بەلاَم لە وەسیەت تەنها لە ماڵی گوێزراوە دەکرێت بەلاَم بە مەرجێك دەبێت هاوتا بن لە ڕووی دارایەوە.

٣- کەسی نا موسڵمان میرات لە کەسی موسڵمان نابات وە بە پێچەوانەوەش چونکە موشەرەعی عێراقی بە هیچ جۆرێك باسی میراتگرتنی نەکردووە لە نێوان موسڵمان و نا موسڵمان بەو پێیەش دەگەڕێینەوە سەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام کە زانایانی موسڵمانان کۆ دەنگن کە ناموسڵمانێك میرات لە موسڵمانێك نابات وە بە پێچەوانەش.

٤- یاسا دانەر عێراقی باسی وەسیەتی کردووە لە نێوان موسڵمان و نا موسڵمان کە دەکرێت وەسیەت تەنها بە ماڵی گوێزراوە بکرێت لە جیاوازی ئایندا, هەروەها لەگەڵ جیاوازی نەتەوەدا کاریگەرە، بە مەرجێك لە ڕووی ماددییەوە هاوتا بێت وە ئەمەش بەپێی دەقی ماددەی(٧١)لە یاسای باری کەسی عێراقیدا.

(١) الوصية بالمنافع في الشريعة الإسلامية والقانون الوضعي، اسامة علي جاسم، لا ٣٢و٣٥.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٣٦.

(٣) یاسای باری کەسی عێراقی، ساڵی ١٩٥٩، ماددەی ٧١.

(٤) المحامي محمد حمزة حسين، التطبيقات العملية لاقامة الدعاوى الشرعية، ص ٨٠.

**دووەم : ڕاسپاردەكان**

١- پێشنیار دەكەین یاسا دانەری عێراقی دەروازەی نۆیەم لە یاسای باری كەسی عێراقی هەموار كراوی ژمارە (١٨٨) ی ساڵی ١٩٥٩ زیاتر درێژەی پێبدات كە تایبەتە بە حوكمەكانی میرات، هەروەك لە یاسای میراتی وڵاتانی عەرەبی بە درێژەی باسی لێكراوە .

٢- داواكارین لە یاسا دانەری عێراقی بەشێك لە دەروازەی نۆیەم تایبەت بكات بە ناونیشانی -بەربەستەكانی میرات- چونكە ئەمە كۆمەڵێك حوكمی تێدایە كە وابەستەی گواستنەوەی ماڵە بۆ ئەو كەسانەی كە شایستەی نین لە نێوانیان دا بە هۆكاری جیاوازی ئایین .

٣- پێشنیار دەكەین ئەو دەقەی تایبەت بێت بە جیاوازی ئایین بەم شێوازەی خوارەوە بێت "موسڵمان میرات لە بێباوەڕ نابات، بێباوڕیش میرات لە موسڵمان نابات، باوەكو پیش دابەشكردنی میراتیش موسڵمان بوو بێت".

٤- پێشنیار دەكەین ماددەی ( ٢٢ )ی یاسای شارستانی عێراقی كە تایبەتە بە مامەڵەی هاوشێوە بۆ گواستنەوەی ماڵی منقول و عقار بگوازرێتەوە وەكو خۆی بۆ یاسای باری كەسی عێراقی لە دەروازەی نۆیەم لە بەشی بەربەستەكانی میرات جێگەی بۆ بكرێتەوە .

**سەرچاوەكان**


- قورئانی پیرۆز

**یەكەم : فەرهەنگەكان**

١. لسان العرب، ابن منظور الأنصاري، دار صادر، بيروت، الطبعة: الثالثة، ١٤١٤ هـ.
٢. مختار الصحاح، محمد بن أبي بكر بن عبدالقادر الرازي، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت، ١٩٩٥.
٣. معجم الوسيط، مجموعة من المؤلفين، دار الدعوة، القاهرة.
٤. معجم مقاييس اللغة، أبي الحسين أحمد بن فارِس بن زَكَرِيّا، المحقق : عبد السَّلام محمد هَارُون، اتحاد الكتاب العرب،١٤٢٣ هـ = ٢٠٠٢م.

**دووەم : پەرتووكان/عەرەبی**

١. أحكام المواريث والوصية في الفقه الاسلامي والقانون، د.أحمد زكي عويسى، مكتبة جامعة طنطا، طنطا–مصر، ٢٠٠٠.
٢. احكام الميراث و الوصية، مصطفى الزلمي، دار النشر احسان، طبعة الأولى,٢٠١٤.
٣. أحكام ميراث البنت في الشريعة الإسلامية والقانون، عبدالحسين صباح صيوان، المكتبة القانونية، ٢٠١٣.
٤. الأم، محمد بن إدريس الشافعي، المحقق: رفعت فوزي عبد المطلب، دار الوفاء المنصورة، ط١، ٢٠٠١م.
٥. البحر الرائق شرح كنز الدقائق، زين الدين بن إبراهيم بن محمد، المعروف بابن نجيم المصري (المتوفى: ٩٧٠هـ)، دار الكتاب الإسلامي، ط٢.
٦. بدائع الصنائع في ترتيب الشرائع، علاء الدين الكاساني، دار الكتب العربية، بيروت، ١٩٨٢م.
٧. التطبيقات العملية لاقامة الدعاوى الشرعية، المحامي محمد حمزة حسين، مكتبة الصباح، بغداد، ٢٠٠٨.
٨. حاشية السوقي على الشرح الكبير، محمد عرفة الدسوقي، تحقيق: محمد عليش، دار الفكر، بيروت، بلا سنة الطبع.
٩. الذخيرة، أبو العباس شهاب الدين أحمد بن إدريس بن عبد الرحمن المالكي الشهير بالقرافي (المتوفى: ٦٨٤هـ)، دار الغرب الإسلامي- بيروت، ط١، ١٩٩٤ م.
١٠. روضة الطالبين وعمدة المفتين، أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي (المتوفى: ٦٧٦هـ)تحقيق: زهير الشاويش، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٣، ١٤١٢هـ / ١٩٩١م.
١١. شرح حدود ابن عرفة للرصاع، محمد بن قاسم الأنصاري، أبو عبد الله، الرصاع التونسي المالكي (المتوفى: ٨٩٤هـ)/ المكتبة العلمية، ط١، ١٣٥٠هـ.
١٢. صحيح البخاري، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري، دار طوق النجاة، الطبعة: الأولى، ١٤٢٢هـ.
١٣. فتح الوهاب شرح منهج الطلاب، زكريا بن محمد بن أحمد بن زكريا الأنصاري، دار الكتب العلمية، بيروت، ط١، ١٤١٩هـ.
١٤. المبسوط، محمد بن أحمد بن أبي سهل شمس الأئمة السرخسي (المتوفى: ٤٨٣هـ)دراسة وتحقيق: خليل محي الدين الميس، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان، ط١، ١٤٢١هـ ٢٠٠٠م
١٥. مغني المحتاج، محمد الخطيب الشربيني، دار الفكر، بيروت.
١٦. المغني،أبو محمد موفق الدين عبد الله بن أحمد بن محمد ، الشهير بابن قدامة المقدسي (المتوفى : ٦٢٠هـ)، تحقيق: الدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركي، والدكتور عبد الفتاح محمد الحلو، عالم الكتب، الرياض – السعودية،، ط٣، ١٤١٧هـ – ١٩٩٧م.
١٧. موجز أحكام الميراث في الفقه الاسلامي والقانون العراقي، د. أحمد علي الخطيب، مطبعة دار البصري- بغداد، الطبعة الاولى، ١٩٦٦.
١٨. الميراث عند الجعفرية، محمد أبو زهرة، دار الرائد العربي، بيروت، ١٩٧٩م.
١٩. نظام الارث في التشريع الاسلامي، أحمد فراج حسين، موئسسة الجامعية للدراسات و النشر،٢٠٠١.
٢٠. الوجيز في اصول الفقه، د.عبدالكريم زيدان، موسسة قرطبة,٢٠٠٧.

٢١. الوجيز في الوصايا والمواريث، للدكتور جواد أحمد البهادلي، جامعة الكوفة، العراق، ط١، ٢٠٢٤م.

٢٢. الوصية بالمنافع في الشريعة الإسلامية والقانون الوضعي، أسامة علي جاسم، المركز القومي الإصدارات القانونية، طبعة الأولى، ٢٠١٨.

**دووەم : پەرتووکان/کوردی**

١. بنەماکانی فیقهـ و ڕێساکانەی، د. محمد شاکر صالح سیتو، چاپخانەی کتێبخانەی یادگار، چاپی دووەم ، ٢٠٢٠.

٢. ڕاستی و خەڵات بۆ زانستی میرات، عیماد الدین فائز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.

٣. زانستی میرات، أمجد محمد زاهد، نوسینگەی تەفسیر، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٩.

**سێ یەم: گۆڤارەکان**

١- احتلاف الدين و أثره في ميراث المسلم من قريبة الكافر-دراسة تأصيلية، د. أحمد الصويعي شليبك، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الرشعية والقانونية، المجلد(٥)، العدد(١)، السنة:٢٠٠٨م.

٢- ميراث المسلم من غير المسلم، د.نشوان زكي سليمان، مجلة الر افدين للحقوق، المجلد(٢٠)، العدد(٦٩)، السنة(٢٢)

**چوارەم : یاساکان**

١- یاسای باری کەسی عێراقی هەموارکراو، ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩.

٢- یاسای باری شارستانی هەموار کراوی عێراقی، ژمارە (٤٠)ساڵی ١٩٥١.

٣- یاسای باری کەسی میسری ژمارە ( ٧٧ ) ی ساڵی ١٩٤٣.

٤- یاسای باری کەسی کوێتی، ژمارە (٥١)ی ساڵی ١٩٨٤.

٥- یاسای باری کەسی یەمەنی، ژمارە ( ٢٠ )ی ساڵی ١٩٩٢.

٦- یاسای باری کەسی سوری، ژمارە (٥٩)ی ساڵی ١٩٥٣.